# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٥ – ٢٠٢٥
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.

گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.

ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان


* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٧/٦
پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٨/٢٦

# پەند وەک هونەری ئاخاوتن و ڕازیکردن درامای "کەوەکانی قەرەچووغ" بە نموونە

پ. ی. د. ڕۆژان نوری عەبدوڵا
مامۆستا لە بەشی زمانی کوردی
فاکەڵتی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە

شاخەوان یەحیا
بەشی کوردی
فاکەڵتیی پەروەردە
زانکۆی کۆیە

پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە بارەی ڕۆڵی پەندی پێشینانە وەک ئامرازێکی کاریگەری پەرەپێدانی هونەری ئاخاوتن، لە زنجیرەدرامای "کەوەکانی قەرەچووغ" دەخاتە ڕوو. بە شیکردنەوەی پەندەکان لە دیالۆگە سیناریۆییەکاندا دەردەکەوێ پەندەکان بە شێوەیەکی هونەری و پراگماتیکی بەکار هاتوون، ئەمەش پەیوەندییەکی نزیکی لەنێوان ئاخاوتن و کارلێکی کۆمەڵایەتیدا دروست کردووە. پەندەکان وەک ڕێگایەکی کولتووری کاریان کردووە بۆ ڕێکخستنی گفتوگۆ و گەیاندنی پەیامە کۆمەڵایەتییەکان، لە کاتێکدا بە باشترین شێوە نەریت و بەهای مرۆڤایەتییان پاراستووە. سەرەتا لە پێشەکییەکەدا توێژینەوەکە دەناسێنرێت، دواتر پێویستیی توێژینەوەکە لەگەڵ تاوتوێکردنی هەندێک لە توێژینەوەکانی پێشوو لەم بوارەدا ڕوون دەکرێتەوە. پاشان پێناسەی پەند و پەیوەندیی بە زمانەوانی دەکرێت و دیالۆگ وەک جۆرێکی تایبەتی ئاخاوتن ڕوون دەکرێتەوە، هەروەها هونەری ڕازیکردن لە ئاخاوتن باس دەکرێت کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پەندا هەیە، بەڵام پێویستی بە هاوبەشی و لەبەرچاوگرتنی دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە کە لە توێژینەوەکەدا ڕوون کراوەتەوە. لە کۆتاییدا بە شیکردنەوەی دیالۆگەکان و نیشاندانی ڕۆڵی پەند لە ناویاندا، دەریخستووە کە پەند بە شێوەیەکی کاریگەر بەکار هاتووە بۆ جڵەوکردنی بیر و ڕەفتاری گوێگر.

کلیلەوشەکان: پەند، هونەری ڕازیکردن، کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، دەوروبەر، ئاخاوتن

## ١. پێشەکی

پەندەکان تەنیا کۆکراوەیەکی ناو فەرهەنگەکانی پەندنامەیی نین، بەڵکوو ڕیشەیەکی زیندووی زمانی کۆمەڵایەتین، کە خۆیان لە ناو گفتوگۆی ڕۆژانەدا دەنوێنن. ئەگەرچی توێژینەوە ئەدەبییەکان و کۆمەڵایەتییەکان پەندەکانیان کردووە بە کەرەستە بۆ هەڵێنجانی مێژوو و بەهاکانی فەرهەنگی هەر نەتەوە و کۆمەڵێک، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە پەندەکان پێش هەموو شتێک زمانێکی زیندوون لە ناو کۆمەڵگەدا. چەقی توێژینەوە زمانەوانییەکانیش بریتییە لەو ناوەندە.

ئەم یەکە زمانییە توانیویەتی بە درێژایی مێژوو بە شێوەیەکی نائاگایی خۆی بگوازێتەوە و لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگەدا بچێتە پێشەوە و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ سەردەمدا، هەروەها وەکوو فۆڕمێکی جێگیری زمان لە ئاخاوتنەکانی فەرمی و نافەرمی ڕۆڵێکی بەرچاو و گرنگ دەگێڕێت و دەتوانێت ببێت بە سەردەستە لە قسەکانی نێرەر، چونکە وەک دەزانرێت پەندەکان هەڵگری ئەزموون و ژیریی باپیرانمانن، زۆربەیان ڕاستییە سروشتییەکان نیشان دەدەن. نموونە: ”مانگی چواردە حەوجە بە ئەنگوستان نییە‘‘، یان ”جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێت‘‘، ئەمانە ڕاستیی سروشتی نیشان دەدەن و حاشاهەڵنەگرن، بەڵام هەندێک لە پەندەکانی تر بەهۆی ڕووداوەکانەوە دروست بوون و باپیرانمان بەهۆی گونجاوی و هەنگاوە ڕێکوپێکەکانی ڕووداوێکەوە وای کردووە کە وێنای ڕووداوەکە بکەن بە ڕووناکییەک بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوە هاوشێوەکان لە ئاخاوتنەکاندا، وەکوو ”مار بە قسەی خۆش لە کون دێتە دەر‘‘، یان ”چی بچێنیت؛ ئەوە دەدووریەوە‘‘. هەندێک پەندی تر بە شێوازی تر دروست بوون، گرنگ ئەوەیە پەندەکان کۆدەنگیی کۆمەڵیان لە سەرە و دەماودەم دەگوترێنەوە و وەکوو بارانی بەهار هێز و جوانی بە ئاخاوتنەکانمان دەدەن. بەم هەموو کۆنییەی خۆیان نوێترین بیرۆکەکانمان بۆ دەگوازنەوە، بە کەمترین وشە و زۆرترین واتا.

پەندەکان ئەو دەستەواژە جێگیرانەن دەتوانرێت بە شێوەی هونەری لە ئاخاوتنە سیناریۆییەکانی دراماکان بەکار بهێنرێن بۆ نیشاندانی ڕەسەنایەتیی فەرهەنگی ناوچەکە. ئەرکی دراماکان نیشاندانی ئاریشە و دیاردەکانی ناو کۆمەڵە بە ڕێگایەکی هونەری و سەرنجڕاکێش، پەندەکانیش میراتێکی زمانین و دیالۆگەکان نزیکتر دەکەنەوە لە ژیانی ڕاستی و گفتوگۆکان ڕێک دەخەن. توێژینەوەکە دیالۆگەکانی زنجیرەدرامای ”کەوەکانی قەرەچووغ‘‘ی کردووە بە مەیدانێک بۆ شیکردنەوەی پەندەکان، لەبەرئەوەی ئەو درامایە لە هەموو ڕوویەکەوە نائومێدیی هونەری درامای کوردی ڕەواندەوە، بە تایبەت لە ڕووی شێوازی هونەری ئاخاوتنەوە دیالۆگەکان بە تەواوی چوونەتە قووڵایی ڕەسەنایەتیی شێوەزاری دەشتی هەولێر، کە ئەم شێوەزارە یەکێکە لە شێوەزارە هەرە دەوڵەمەندەکانی دیالێکتی ناوەڕاست لە وشە و زارەوە و دەستەواژە مێتافۆڕییەکانی وەکوو ئیدیۆم و پەند.

وەک دەزانرێت دەرهێنەری دراماکە (تەلعەت سامان) لە ژیاندا نەماوە، لە ساڵی ٢٠١٩دا کۆچی دوایی کردووە، کە یەکێک بوو لە دەرهێنەرە ئەکادیمییەکان، لەبەرئەوە بە باشمان زانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ”ئیبراهیم حەکیم‘‘ بکەین، کە لە دراماکەدا ڕۆڵی "سەیدە"ی هەبوو کە ئەکتەرێکی کارا بوو لە دراماکەدا. پرسیارم لە سەر ڕۆڵی بەکارهێنانی پەندەکان کرد لە دراماکەدا، کە ئایا مەبەست چی بووە لە بەکارهێنانی ئەم پەندانە لە دایالۆگەکاندا؟ بەڕێزیان لە وەڵامدا پێی

گوتم هەموو دیالۆگەکان لەلایەن دەرهێنەرەوە نووسرابوونەوە، بەڵام مەبەست لە بەکارهێنانی پەندەکان لە دیالۆگەکەدا ئەوە بووە، کە دیالۆگەکان جوانترین هونەری ئاخاوتنی شێوەزاری دەشتی هەولێر نیشان بدەن. بەڕێزیان گوتی ئێوە دەزانن من بەخۆم بە شێوەزاری خۆشناوەتی قسە دەکەم، بەڵام لە دیالۆگەکاندا هەوڵم دەدا بە تەواوی ئاوێتەی شێوەزاری دەشتی هەولێر بم و بتوانم ئەوەی بۆم دانراوە وەک خۆی ئەدای بکەم. لێرەدا دەردەکەوێت کە هیچ مەبەستێک نەبووە بۆ ئەوەی پەندەکان بە شێوەی هونەری بکرێن بە هێزێک و قورساییەک بۆ ئەوەی بەرانبەرەکانی پێ ڕازی بکرێت، بەڵکوو وەک پێشتر باسمان کرد تەنیا وەکوو فۆرمێک گوزارشتکردن لە ڕەسەنایەتیی ناوچەکە بەکار هاتووە. ئینجا لێرەدا توێژینەوەکە دەیەوێت بە شێوەیەکی سروشتی ئەو هێز و قورساییەی لە پەندەکاندا هەیە بۆ باشترکردنی هونەری گفتوگۆ و ڕازیکردنی گوێگر بیاندۆزێتەوە. توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی نێوان پەند و ئاخاوتن لە دیالۆگەکانی درامای "کەوەکانی قەرەچووغ" دەکۆڵێتەوە. ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە و لە ئاستی پراگماتیکدا کار دەکات، بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی پەندەکان و کاریگەرییە پەیوەندیدارەکانیان لە ڕێکخستنی گفتوگۆ و ڕازیکردنی بەرانبەر.

توێژینەوەکە ئامانجیەتی ئایا پەندەکان لە درامای کەوەکانی قەرەچووغدا ڕێگایەکی کاریگەرن بۆ کۆتاییهێنان بە گفتوگۆکان و ڕازیکردنی بەرانبەر؟ هەروەها، توێژینەوەکە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە پەندەکان چۆن وەک ئامرازێکی پراگماتیکی کار دەکەن بۆ گەیاندنی ژیریی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لە ژیانی ناو دراماکەدا. بەگشتی ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر هونەری ڕازیکردن و کاریگەریی زمانی پەندەکان لە دیالۆگی درامایی کەوەکانی قەرەچووغ، کە نموونەیەکی ڕوونە لە بەکارهێنانی زمانی ڕەسەن و پەندە کۆنەکان بۆ گەیاندنی ئەزموون و ژیریی کۆمەڵایەتی.

## ٢. توێژینەوەکانی پێشوو

زنجیرەدرامای کەوەکانی قەرەچووغ وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو لە درامای کوردیدا ڕووی دا. دوای ٣٣ ساڵ ئەم گەنجینە پێی نەزانراوە، تاکوو ئێستا تەنیا دکتۆر هیمداد عەبدولقەهار محەمەد لە کتێبی "شەکسپیر: تراژیدیا و بەهلوول‘‘، ساڵی ٢٠١١ بەراوردێکی لە ژێر ئەم ناونیشانەدا کردووە: "تێرامانێک لە بەهلوولەکانی شەکسپیر و سەیدەی تەلعەت سامان‘‘.

بەهلوول کارەکتەرێکی شەمولەیە و گێلۆکەیە، جلێکی شەپڕیو، کڵاوێکی لە سەرە، ڕێگای پێ دراوە ڕەخنە بگرێت و ئامۆژگاری بکات، تا ڕادەیەکی سنوورداریش گاڵتەکردن بە کەسە پایەدارەکان بکات. بە کورتی: کارەکتەرێکە سەرچاوەی پێکەنینە، دەرخستنی گەندەڵی و کەمکوڕییەکانە، بەپێکەنینهێنانی پاشاکەیەتی لە کۆشکدا. لێکچوونێکی زۆر لە نێوان سەیدە و بەهلوول هەیە، چ لە شێوە و چ لە ناوەڕۆکدا.

لە گرتەیەکدا سەیدە لەگەڵ خەڵکی گوندی دانیشتووە، جەوهەر ئاغا و پیاوەکانی دێن، هەرکە گەیشتن سەیدە بە زمانێکی مێتافۆڕ و بە شێوەی توانج گوتی "ئۆی لەو هەورە ڕەشەی هات‘‘، هەروەها لە دیمەنێکی تردا دەڵێت: "کاکی مەیموون ئەو جەوهەراغەی دەبینی ئەوێ ڕۆژێ هەندی کەرەکی لەو کاکلە بەستەزمانەی دا"، دیمەنێکی تردا دەڵێت: "جەعفەر ئەتو وەکی جەوهەری برات خراپ

نەبی دوایە خەرک ڕکیان لێت دەبێتەوە". هەروەها توێژەر چەندین دەقی تری دایالۆگەکانی سەیدەی بە نموونە هێناوەتەوە (محەمەد ٢٠١١، ٣٧ -٤٧).

بەڵام ئەگەر سەرنجێک بدەینە پەندەکان کە کرۆکی توێژینەوەکەی ئێمەیە، دەچنە ناو زانستی فۆلکلۆری زارەکی. ئەم بەشەی فۆلکلۆر ئەمانە لەخۆ دەگرێت: چیرۆکی ئەفسانە، ئەفسانە، نوکتە، مەتەڵ، پەندەکان پوختترینن، بەڵام مەرج نییە سادەترین فۆرم بن. لێکۆڵینەوەی بەرفراوان لە سەر پەندەکان کراوە، بەگشتی تەمەنی لێکۆڵینەوە لە پەندی پێشینان بە بۆچوونی "میدەر" (Meider) وەکوو یەکێک لە دیارترین کەسایەتییەکانی زانستی پەندناسی (Paremiology)، بە شێوەیەکی ئەکادیمی زیاتر لە ١٥٠() ساڵە، لە بەرانبەردا زانستی کۆکردنەوەی پەندەکان (Paremiography) مێژوویەکی درێژخایەنتری هەیە (محمد و احمد و محمد ٢٠٢٤: ٩٩) کە لە ناو کوردا بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە کە لەلایەن زانای کورد "مەلا مەحموودی بایەزیدی'' دەستنووسێکی پەندەکانی زمانی کوردی نووسراوتەوە (علی ٢٠٢٤، ٢٠).

توێژینەوەکانی پێشوو لە سەر پەندی پێشینانی کوردی زۆرن، بەگشتی لە سێ ڕەهەندەوە بووە، فۆلکلۆر وەکوو بەشێک لە ئەدەبیاتی زارەکی، کۆمەڵناسی وەکوو پەیوەندی بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی فەرهەنگی هەر نەتەوەیەک یان کۆمەڵێک، زمانەوانی وەکو ڕوخساری پەند لە ڕووی فۆرم و پێکهاتەوە، هەروەها ناوەڕۆکی پەند لە ڕووی واتا و ئەرکەوە، ئەمەیان گرنگیی زۆرە و ئاقارێکی فراوانتری هەیە. لە گرنگتریین توێژینەوەکانی ئەم بوارە دەگەڕێتەوە بۆ دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، کە لە ساڵی (١٩٧٠) کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی ١٦٤ لاپەڕەیی لە سەر بەشەکانی فۆلکلۆر بە ناوی "لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی''ی چاپ کرد. ٤٢ لاپەڕەی تایبەت کرد بە پەندی پێشینان، کە ئێستاش سەرچاوەیەکی بەنرخە. لە توێژینەوەکەیدا جگە لە ڕیزکردنی مێژووی کۆکردنەوەی پەند، ئەوا لە گرنگترین تایبەتمەندییە زمانییەکانی پەندەکانی نیشان داوە، وەک: فێرکردنی خوو و ڕەوشت، چارەسەری کەموکوڕیی مرۆڤەکان، گرنگیی وێنە گاڵتەییەکانیان لە ئاخاوتنەکاندا. جیاوازیی نێوان پەند و قسەی نەستەقی دیاری کردووە، فۆڕمی شیعری و سەرواداری پەندەکانی باس کردووە، بەراوردکردنی پەندی کوردی بە پەندی هەندێ لە زمانەکانی تر، هەروەها دەرخستنی فۆڕمی جیاوازی پەندەکان لە دیالێتەکانی زمانی کوردی و هاوبەشی لە ناوەڕۆک. نموونە: "مارانگەستی لە خشەی مێرووله دەترسێت''، "مارانگەستی لە خشەی گوریس دەترسێت''، "مارانگەستی لە گوریسی ڕەش دەترسێت''، لە گەڵ دەرخستنی چەندین تایبەتمەندیی تری ناوەڕۆکی پەندەکان.

جەلال محموود عەلی، لە ساڵی (١٩٨٢)، لە کتێبی "ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا''دا باسی لەوە کردووە کە نابێت پەند و قسەی نەستەق تێکەڵ بە ئیدیۆم بکرێن. بۆ نموونە: "شیردا لۆ داپیردا''بەشێکە لە پەندێک و وەک ئیدیۆم بەکار دێت. لە گرنگترین جیاوازییەکانی پەند و ئیدیۆم، ڕەچاوی بیرۆکەکانی دکتۆر ئەورەحمانی مارفی کردووە کە ئیدیۆمی لە ژێر ناوی فرێزیۆلۆژی ناو بردووە.

کەریم شارەزا، (١٩٨٣)، توێژینەوەیەکی بە ناوی "پەندی بەراوردکاری'' نووسیوە و پەندەکانی ئینگلیزی و عەرەبیی بەراورد کردووە. لە توێژینەوەکەیدا پێناسەی پەند و جیاوازیی لەگەڵ قسەی نەستەق و نموونەی بەراوردی خستووەتە ڕوو.

دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ، (١٩٨٤)، کتێبی "ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی''ی چاپ کردووە، پێناسەی پەندی کردووە و تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینانی وەک کورتیی فۆڕم، ئاهەنگداری و ناوەرۆکی چیرۆکی و سەرگوزشتەیی پەندەکانی ڕوون کردووەتەوە. لە گرنگترین کارەکانی؛ باسی جۆرەکانی پەندی کـردووە، لەگەڵ هێنانەوەی نموونەی کۆنترین پەندەکانی زمانی کوردی.

هەروەها دوای ساڵی نەوەدەکان، لە گرنگترین توێژینەوە زانکۆییەکانی پەند، وەک: توێژینەوەی نەجم خالید نەجمەدین (١٩٩٢)، "پەند و قسەی نەستەقی کوردیی شاری خانەقین''، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین. توێژینەوەی عەبدولباقی ئیکرام، (٢٠١٢)، "واتا و مەبەست لە پەندی پێشینانی کوردیدا''، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین. توێژینەوەی د. صافیە محەمەد ئەحمەد، (٢٠١٥)، "کۆتوبەندی ئایینی لە داڕشتنی پەندی پێشیناندا''، گـۆڤاری زانکـۆی ڕاپـەڕیـن، ژمـارە ٢، لاپـەڕە: ٢٠١-٢٢٠. توێژینەوەی سیروان سەمین ئەحمەد، (٢٠٢١)، "تابۆ لە پەندی پێشیناندا''، گۆڤاری زانکۆی کەرکووک، ژمارە ٢، لاپەڕە: ٤٤٧-٤٥٨. توێژینەوەی بەختیار ئیبراهیم فەتاح، (٢٠٢١)، "کەسێتیی کوردی لە پەندی پێشیناندا لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە''، گۆڤاری زانکۆی جیهان، سلێمانی، ژمارە ٢، لاپەڕە: ٤٦-٦٦. توێژینەوەی سدیق ئەوڕەحمان، (٢٠٢٣)، "بنەمای بیری و هونەری لە پەندە شیعرییەکانی پیرەمێرددا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ڕاڤـەکـردن و بـەراوردکـردنـی هـەنـدێ لـەو توێژینەوە نوێیانەی لە سەر پەندی پێشینانی کوردی کراون: شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٢١)، پەندی پێشینان، "تێڕوانینێکی سینتاکسی، پراگماتیکی، توێـژینـەوەیـەکی شیـکارییـە''، گـۆڤـاری زانکـۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٣، لاپەڕە: ١-١٩. ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی بزانێت پەندەکان چ جۆرێکی ڕستەن، ئایا پتر سادەن یان ئاوێتە و لێکدراون، پاشان نیشانە پڕاگماتیکییەکان و چۆنیەتیی کارکردنیان لە پەندی پێشیناندا بە هێنانەوەی نموونەی چەند پەندێک شی کراونەتەوە دوور لە دەوروبـەری ئاخاوتن. ئەم توێژینەوەیە کارێکی گرنگی ئەنجام داوە کە پەندەکان بەگشتی فۆڕمی ڕستەیان هەیە لە هەموو جۆرەکانی ڕستە، بەڵام ڕستەی ئاوێتە زۆرینەیان پێک دەهێنن. ئامانجی دووەمی کە کارکردنی نیشانە پڕاگماتیکییەکانە لە پەندی پێشیناندا، توێژەر خۆی دەڵێت نیشانە پڕاگماتیکییەکان ئەرکیان گەیاندنی زانیارییە لە بارەی هاوبەشەکانی ئاخاوتن، نیشانە پڕاگماتیکییەکان بەها و نرخی جێگیریان نییە، بەڵکوو نرخیان لە گوتنێکەوە یان لە دەوروبەرێکەوە بۆ دەوروبەرێکی تر دەگۆڕێت، چونکە هەر جارە ئاماژە بە کەسێک، شوێنێک... هتد؛ دەکەن (قادر، ٢٠٢١، ١٥). کەوایە ئێمە چۆن دەتوانین ئەنجامێکی سادە و ڕوون بخەینە بەردەست ئەگەر پەندەکان لە ناو ئاخاوتنەکاندا وەرنەگرین، واتە دەبێت نیشانە پڕاگماتیکییەکان لە دەوروبـەری ئاخاوتندا ساغ بکەینەوە، نەک لە دەرەوەی دەوروبەرێکدا.

شیکردنەوەی نموونەکانی بەم شێوەیە کردووە: نیشانە پڕاگماتیکییەکانی شوێن: "ماڵ لە خۆیدا نەبوو، میوانیش ڕووی تێ کرد''، بەکارهێنانی وشەی "ماڵ'' وەک نیشانەیەکی پڕاگماتیکیی شوێن بەکار هاتووە، واتە ئاماژەکردنەکەی دەگۆڕێت، هەر جارە و بە پێی شوێنی قسەکەر دەگۆڕێت (سەرچاوەی پێشوو، ١٤). لە ڕاستیدا شیکردنەوەکە ئەنجامی ڕوون بەدەستەوە نادات دەربـارەی نیشانە پڕاگماتیکییەکان، چونکە پەندەکان پتریان مێتافۆرین و بەکارهێنانیان بە پێی مەبەستی قسەکەر دەبێت و بە پێی کۆنتێکستی جیا

واتاکەیان دەگۆڕێت. بۆ نموونە؛ ئەگەر ئەم پۆستەی فەیسبوک شی بکەینەوە: "بۆ هەوادارانی ئەندۆمی، ماڵ لە خۆی نەبوو، میوانیشی هات، ئەندۆمی بۆ خۆی زۆر پەسەند نەبوو، بەرگەکەشی هاتە سەرێ کە لە نایلۆنی ڕیساکلین دروست دەکرێت. لێرەدا بە پێی ئاماژەی قسەکەر ئەم پەندە بۆ نیشانکردنی شوێن بەکار نەهاتووە، چونکە واتای پراگماتیکی واتای شاراوە و قووڵ دەگرێتەوە، پابەندی بنەما و یاساکانی زمان نییە و دەیانبەزێنێت، واتایەکی تاکەکەسییە و مەرج نییە ڕێککەوتنی کۆمەڵی لە سەر کرابێت، بەڵام بەندە بە دەوروبەرەوە (دزەیی، ٢٠١٤، ٧٨). بۆ نیشانەی کەسییەکان بەم شێوەیە شی کراونەتەوە: "ئێستا تۆ سەلکی سیری، قنچکی پیازی؟"، جێناوی سەربەخۆی کەسی دووەمی تاک (تۆ) "بە پێی گوتن و دەوروبەرەکەی هەر جارەی ئاماژە بە کەسێک دەکات". "ئەوەی لە مشک بێت، جەواڵ درە"، (ئەو، ێت، ێت) هەرسێکیان نیشانەی پراگماتیکن، "بە پێی دەوروبەر دەگۆڕێت و هەر جارەی ئاماژە بە کەسێک دەکات". شیکردنەوەی چوار نموونەی تریش هەمان دەستەواژەی دووبارە کردووەتەوە. ئینجا مەبەستی ئێمە ئەوە بوو ئەگەر پەندەکانی لە کۆنتێکستی ئاخاوتندا وەرگرتبایە، تووشی ئەو لێڵییە نەدەبوو، دەیتوانی بڵێت "تۆ" دەبوو بە فلانە کەس، بەڵام لە کۆنتێکستێکی تردا بووەتە فلانە کەسی تر.

توێژینەوەی هێمن عەبدولحەمید شەمس، (٢٠١٣)، بە ناونیشانی "هەژموونی زمان لە سەر کەسێتیی کورد، پەندی پێشینان بە نموونە"، تێزی دکتۆرای زانکۆی کۆیەیە، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینەی کە "زمان سنووری بیرکردنەوەی کۆمەڵ دیاری دەکات"، تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە زمان چەندە کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لە سەر کولتوور و بیروبۆچوونە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگای شیکردنەوەی پەندەکان. ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە؛ ناسینەوەی کەسایەتیی تاکی کوردی و ڕۆڵی پەند لە نواندنی فەرهەنگی کوردی، دیاریکردنی هەژموونی زمان بەسەر بیروبۆچوونە کولتورییەکاندا و چۆنیەتیی گواستنەوەی بەها نەریتییەکان بۆ نەوە نوێکان. هەروەها دەرخستنی هەژموونی ڕەگەز و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی لە ئاخاوتنی تاکدا. بە پشتیوانیی ئەو زانیارییانەی بەدەستی هێناون، پێشنیاز دەکات لە بواری بەرێوەبردندا کار بە ناوەرۆکی پەندە کارگێڕییەکان بکرێت، چونکە کارگێڕییەکی نموونەیی بەرهەم دەهێنن کە دوور بێت لە هەموو سیماکانی گەندەڵی.

توێژینەوەی ڕەنجدەر فەتاح ساڵح، (٢٠٢٤)، "پەند و پیر بەرەو سۆسیۆلۆگیای پەندی کوردی"، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٥٩، ل٣٤٧-٣٦٥. توێژینەوەکە ئەو پەندانە شیکار دەکات کە پێگەی پیر بەرز دەنرخێنن و پیر وەکوو ئەزموون و ژیری پیشان دەدەن. هەروەها ئەو ئامانجانەی بەدوایدا دەگەڕێت بریتییە لەوەی کە خەڵک بۆچی پەندەکان لە گفتوگۆدا بەکار دەهێنن؟ پەندەکان چۆن دەتوانن خەڵک بجووڵێنن و کاریگەری لە سەر بیرکردنەوەی دابنێن؟ پەندەکان چۆن دروست دەکرێن؟ هێزی دادوەریکردنی پەندەکان چۆن دەستەبەر کراوە؟ ئەنجامی گرنگی بەدەست خستووە وەکوو ئەوەی پیری بەئەزموون پێناسە دەکرێت و جۆرێکی کۆمەڵایەتییە، دەتوانێت ڕێنموونیی نەوەی نوێ بکات و وەکوو پارێزەری گرووپ ڕۆڵ دەگێڕێت. پرسیارێکی تری توێژینەوەکە دەڵێت: پەندەکان چۆن خەڵک دەجووڵێنن؟ بۆ ئەوەی بگەین بە ئەنجامی ئەوە پەندەکان چۆن ئەم کارە دەکەن، ئەوا پێویستە

پەندەکان لە کۆنتێکستەکان وەربگرین و کاردانەوەی گوێگر ببینین و بیخەینە ڕوو. ئایا دوای گەیشتنی پەیامەکان لە ڕێگەی پەندەوە، بیرکردنەوەی گوێگر چۆن دەبێت؟

توێژینەوەکانی پێشوو لە بواری پەنددا لە ناوخۆی کورددا پتر سەرنجیان خستووەتە سەر پەندەکان وەک ژانرێکی ئەدەبی فۆلکلۆر، هەروەها کەمتر توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان و زمانەوانییەکان ئەنجام دراون. لە ناو توێژینەوە زمانەوانییەکانیش پەندەکان پتر بە شێوەیەکی سەربەخۆ یان لە دەرەوەی کۆنتێکستی ڕاستەقینەی گفتوگۆ شیکاری کراون، کە ئەمەش وای کردووە پەندەکان تەنیا وەکوو کەرەستەیەکی فۆلکلۆری یان نموونەیەکی بەها کۆمەڵەیەتییەکان و هەڵێنجانی هەندێ زانیاری مێژوویی یان ڕوخساری ڕستەسازییان، بە بێ گەڕانەوە بۆ کاریگەرییە پراگماتیکییەکانیان لە نێویاندا مێتافۆر، ئیرۆنی، توانج، جووڵاندنی وێنەیی... هتد لە ڕێکخستنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و گفتوگۆدا، واتە دەتوانین بڵێین پەندەکان ئامرازێکی زمانەوانیی زیندوو و پڕ دینامیکین، نەک تەنیا میراتێکی فۆلکلۆری. وەک گوتمان لە ناو توێژینەوە ئەدەبی و زمانەوانییەکانیشدا پەندەکان پتر وەک فۆڕمێکی سەربەخۆ دەبینرێن، بۆ ئەمەش دەتوانرێت بگوترێت پەندەکان بوونێکی سەربەخۆی بەهێزیان نییە، وەک چۆن لە حیکایەت، هۆنراوەی... هتد، فۆلکلۆردا هەیە، ئەمەش بەو واتایەی لەوانەیە زۆر جار نەتوانرێت بە شانوباڵی پەندێک وەک ژانرێکی ئەدەبی یان فۆڕمێکی کاریگەری زمان هەڵبدەین، چونکە پەندەکان تەنیا کاتێک دێنە ژیانەوە کە وەک بەشێک لە چوارچێوەیەکی فراوانتر، بە تایبەت کۆنتێکستی گوتاری گۆ بکرێن، بە پێچەوانەی باروودۆخی چیرۆکی فۆلکلۆری، بۆ نموونە: مرۆڤەکان بە ڕوونی هەست بە جوانیی چیرۆکێک یان هۆنراوەیەکی فۆلکلۆر دەکەن (Amende, 2013, 13).

ئەم توێژینەوەیەی ئێمە جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوانەی پێشوو، لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر توانای سەرسوڕهێنەری پەندەکان لە ناو کۆنتێکستە جیاوازەکاندا لە ڕوانگەی زمانەوانی لە ئاستی پراگماتیکدا، کە پەندەکانی وەک یەکەیەکی زمانیی کاریگەر ناو بردووە، چونکە پەندەکان وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیامی ڕەسەن کار دەکەن و توانای گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە، هەروەها ئەو توێژینەوە شیکردنەوەی میکانزمی کاریگەری سایکۆلۆجیی پەندەکان لە سەر گوێگر دەکات، کە کاریگەریی خۆیان جێگیر دەکەن لە گفتوگۆکاندا. پەندەکان وەکوو فۆڕمێکی زمانەوانیی پراگماتیکی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا پێویستە کاری پتریان لە سەر بکرێت.

### ٣. درامای کەوەکانی قەرەچووخ

خوالێخۆشبوو "تەلعەت سامان"؛ دەرهێنەری درامای "کەوەکانی قەرەچووخ"ە. سەرەتای بیرۆکەی ئەم درامایە بۆ سەرەتای ساڵی هەشتاکان دەگەڕێتەوە، دەهێنەر هەر لە ساڵی هەشتاکاندا دەقەکان دەنووسێت و هەروەها لە ناوەندی هونەر و وێژەی کوردی لە هەولێر تاوتوێی دابەشکردنی ڕۆڵەکانیش دەکرێت، بەڵام بەهۆی هەندێک هۆکار ئەم کارە دوا کەوت، دواتر شەڕی عێراق و ئێرانی بەسەردا هات، ئەکتەرەکان پەرتەوازە بوون و هەندێکیان بوون بە سەرباز و هەڵاتن و ڕۆیشتن بۆ شاخ و ئەورووپا. دواتر دوای ڕاپەڕین تەلعەت سامان لە ساڵی ١٩٩٣دا دووبارە هونەرمەندانی کۆ کردەوە

و دەستی بەکارەکەی کـردەوە، بە سپۆنسەریی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان (شێخانی، ٢٠٢٥)، بە هەموو سنووردارییەک و نەبوونی ئامێری پێویست، لە گوندی "پیرەش"ی سەر بە ناحیەی کەسنەزان دەست کرا بە تۆمارکردنی دراماکە. دواتر بەهۆی کێشەیەکەوە نەتوانرا هەموو زنجیرەکان لەم گوندە تۆمار بکرێن. دوای وەستانی کارەکان بۆ ماوەیەک، دواتر بە ناچاری لە شارۆچکەی بەحرکە و سەر زێی گەورە وەکوو قفلێک لە دراماکە درا، واتە بە ناچاری زنجیرەی کۆتایی تۆمار کرا، ئەگەرچی خۆی (١٣) ئەڵقە بوو، بەڵام (٨) ئەڵقەی لێ تۆمار کرا، کە لە ساڵی (١٩٩٤) لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان پێشکەش کرا (احمد ٢٠٢٥).

فەرهەنگی هـەر نـەتـەوەیـەک لـە زمانیدا ڕەنگ دەداتەوە، شەقڵ و زمانی هەر نەتەوەیەکیش بریتی نییە لە وشە سادەکانی ڕۆتینی ڕۆژانە کە فەرمان و کردارەکانی ڕۆژانەی پێ ڕادەپەڕێنرێت، بەڵکوو وشە و دەستەواژە ڕیشەییەکانی زمان وەکوو پەند و ئیدیەم و وشە میتافۆرییەکان دەگرێتەوە. ئەمانە وەک کۆدێک کار دەکەن، لە دایالۆگی هەر درامایەکی ئەکادیمی گرنگیی زۆریـان پێ دەدرێت، چونکە وا دەکەن دراماکە بە نەمری بمێنێتەوە و هەستەکان دەگـوازنـەوە و چـێژی درامـاکـە پتر دەکــەن، کە پەندی پێشینانیش لە گرنگترین ئەم کۆدانەی زمانی کوردین لە دایالۆگەکانی دراماکەدا سەرنج ڕاکێشن و هەستیارییان لەلای بینەران دروست کردووە.

٤. پێناسەی پەندی پێشینان

پەندی پێشینان فۆرمێکی کولتووریی زمانە، هەر نووسەر و ڕۆشنبیرێکی ئەم بوارە لێی کۆڵیبێتەوە پێناسەیەکی بۆ کـردووە، ئێمەش هـەوڵ دەدەیـن گرنگترین پێناسەکانی لێکۆڵەرە بەتواناکانی ئەم فۆرمە گرنگە بخەینە ڕوو. "ئیبن ساکیت"؛ زانای زمـانـەوانـی دەڵێت: "ڕسـتـەیـەکە لـە وشـەسـازیـدا دژبەیەک و لە واتادا یەک دەگرێتەوە" (زوڵفەقار، ١٣٨٧: ١١٤).

"میدەر" (Mieder) دەڵێت: ڕستەیەکی کورتی پڕ حیکمەتە و لەدایکبووی ئەزموونن.

"ستوارت ئەی گالاچەر" (Stuart A. Gallacher) دەڵێت: پەند قسەیەکی پوختە، پێک دێت لە ڕواڵەتێک و ڕاستییەک کە لە نێو خەڵکدا هەبووە و دەبێت (Mieder 2004:3-4).

زانـــای فۆلکلۆر و نـەریـتـە زارەکـییـەکـانـی ڕووسیا "یـوری میخایلۆڤیچ سۆکۆلۆڤ" (Yuri Mikhailovich Sokolov) دەڵێت: پەند وتارێکی کـورت و پـوخـتـە کـە پێشنیارێکی گـشـتـی یـان ڕێنماییەکی ژیانی تێدایە، زۆر جار ڕەهەندێکی فەلسەفییان هەیە و بۆ زانین و پەندوەرگرتن بەکار دەهێنرێن (Sokolov 1950: 258).

شێخ محەمەدی خاڵ دەڵێت: "پەندی پێشینان: بیرێکی جوان و پوڕتەوێکی دەروونە، هێندێ جار هەڵئەقوڵێ لە دڵێکی ئـاوەدانـەوە، بۆ سـەر دەم و زمانێکی ڕەوان لە کاتی دوان. یا دوای ڕووداوێک کە ڕوو بدات، لە پاشا زۆر بە خێرایی دەمـاودەم ئەکەوێ و بڵاو ئەبێتەوە، وە پشتاوپست ئەگێڕێتەوە، لەبەر جوانی و ڕێکوپێکیی خۆی، تا نموونەی ئەو شتەی کە پەندەکەی تیا وتـراوە ڕوو ئـەداتـەوە، ئـەو حەلە خـاوەن مەبەس پەندەکە ئەخوێنێتەوە بۆ بەهێزکردنەوەی قسەکەی، یا ڕووناککردنەوەی باسەکەی" (خاڵ، ٢٠٠٧، ٨).

لە ژێر ڕۆشنایی پێناسەکانی سەرەوەدا، پێناسەی پـەنـدی پێشینان پەیوەست بـە توێژینەوەکەمان دەکەین، واتە لە ڕووی بەکارهێنانی لە ئاخاوتنەکان وەک یەکەیەکی زمانی پەندی پێشینان: داڕشتنێکی

میتافیزیکییانەی بیری مرۆڤە بۆ دەستکەوتنی زۆرترین واتا بە بیرێکی قووڵ و ئابووریکردن لە وشە. یان وردتر بڵێین: وتەیەکی کۆنی پوخت و پڕ واتایە، کە لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی و ژیریی پێشیناندا سەرچاوەی گرتووە و بە زمانێکی ورد و هونەری ڕێگای ڕازیکردن و کاریگەری لە ئاخاوتن دەخاتە ڕوو، پەند بە ڕواڵەت دەردەکەوێت ڕیزکردنی نادادپەروەرانەی وشەکانە و هەستی پێ دەکرێت واتایەکی ئینسکلۆپیدی و پەنگخواردووی تێدایە، بەڵام لە ئاخاوتنەکاندا تاکوو نەگاتە دۆخە هاوشێوەکانی خۆی، دادپەروەرییەکەی دەرناکەوێت.

٥. ئاخاوتن

ئاخاوتن بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی بیرۆکە یان زانیاری لە نێوان دوو کەس یان پتر، لە ڕێگەی هەموو بەشەکانی زمانەوە. مەبەستمان لە ئاخاوتن ئەو یەکە زمانیانەیە کە لە شێوەی ڕستە و پارستە و گرێدا دەگوترێ بۆ ئامانجێکی تایبەتی (دزەیی، ١٩٩٩، ٨). ئاخاوتن: قسەیەکە لە نێوان دوو هاوبەش یان پتر کە بە ئازادی بەڕێوە دەچێت (Levinson 284 :1983)، دایەلۆگیش لە نێوان دوو هاوبەش یان پتر لە پرۆسەیەکی ڕێکوپێکدا بەڕێوە دەچێت، وەک چوارچێوەیەکی ئاسایی کە تێیدا گۆڕەپانێکی ڕێزمانی هەیە بۆ گواستنەوەی ئارگومێنتەکان لە نێوان بەشداربووواندا (Walton 1998: 31)، بەڵام دیالۆگ ئاخاوتنێکی فەرمیترە و هونەرییە، یان بە شێوەیەکی تر هەموو دایەلۆگێک ئاخاوتنە، بەڵام هەموو ئاخاوتنێک دایەلۆگ نییە.

٥-١. هونەری ڕازیکردن لە ئاخاوتندا

هونەر بریتییە لە دەبڕینی ئەندێشە و هەستەکان بۆ بەجێگەیاندنی کارێک. هونەر کردەیەکە بە مەبەستی دەرخستنی کارامەیی و سەلیقە و تواناییەک، یان بۆ دەربڕینی هەست و بۆچوون (کەریم ٢٠١٦:٣٠٢) بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لەو کردانەی کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئامانجێکی باڵاتر (علی ٢٠٢٣:١٧) ڕازیکردنیش هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج و شارەزاییەکی گەیاندنە و یەکێکە لە بنەماکانی سەرکەوتن. هەروەها کەسایەتیی مرۆڤ لە زمانەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، هەر بۆیەش زمان دەبێتە ناسنامە و دیارخەری تاک و بۆ زۆر مەبەستی جیاجیا سوودی لێ وەردەگیرێت، لەوانەش ڕازیکردن کە هونەرێکە لە ڕێگای فێربوون و ڕاهێنان و پیادەکردنەوە وەردەگیرێت و بۆ ئەم مەبەستە چەندین پێناسەی جیاجیا کراوە، وەک:

- کردەیەکی زمانییە لەلایەن قسەکەرەوە ئاڕاستە دەکرێت بە ئامانجی گۆڕینی ڕەفتاری کەسانی تر.
- ئامانجێکە بۆ گۆڕین و ڕازیکردنی بەرامبەر، جا ڕەفتار بێت یان ئاڕاستە یان بیروباوەڕ، لە هەمان کاتدا پێویستی بە گفتوگۆ و شارەزاییەکیشە لە گەیاندن (دزەیی ٢٠١٥: ١٢٦-١٢٧).
- هونەری بەکارهێنانی وشەیە لە دەوروبەری ئاخاوتندا، بەو ئامانجەی لە کاتی گفتوگۆ، وتار، گوتاردان، لە تەلەڤیزیۆن و شانۆکاریگەری لەسەر بینەران دروست بکات. (عەبدولحەمید و فەرید ٢٠٠٧: ٧).
- ڕازیکردن کردەیەکی ئۆتۆماتیکی نییە، سەرکەوتنی دەکەوێتە سەر بەردەوامی و بە دروستی ئەنجامدانی کێشمەکێشمی گفتوگۆکە (Booth 2009: 226).
- "ئەرستۆ" دەڵێت: ڕازیکردن لە گوتارێک بەردەست دەبێت کە سێ فۆرمی هەیە: یەکێکیان لە کەسایەتیی قسەکەردا هەیە، دووەمیان لە مەیلی گوێگر، ئەوی تریان لە خودی گوتارەکە (Aristotle

(11 :2019، لە كاتێكدا چەندین جۆری ئاخاوتن هەیە وەك: ڕازیكردن، هەواڵگەری، دانوستان. Walton (31 :1998) ئامانجی بەكارهێنانی ئارگومێنت لە ئاخاوتنی ڕازیكردندا ئەوەیە كە یەك لایەن بە شێوەیەكی عەقڵانی هەوڵ بدات لایەنەكەی دیكە ڕازی بكات بۆ پەسندكردنی بڕیارەكەی، ئەمەش بە دوو ڕێگای سەرەكی ئەنجام دەدرێت:

– ڕێگای پۆزەتیڤ: پێشكەشكردنی ئارگومێنتێكی پشتیوانیكەر بۆ پشتیوانی لە باوەڕی سەرەكیی قسەكەر.

– ڕێگای نێگەتیڤ: ڕەخنەگرتن لە ئارگومێنتەكانی بەرانبەر كە پشتیوانی لە باوەڕی بەرانبەر دەكەن (سەرچاوەی پێشوو: ٤١). دیالۆگی ڕازیكردن جیا لە هەموو دیالۆگەكانی تر ڕكابەرییەكی زۆری تێدایە، چونكە تیایدا دوو لایەن بە شێوەیەكی چەقبەستوو و ڕكابەرانە هەوڵ دەدەن یەكتری ڕازی بكەن. لەم جۆرە گفتوگۆیانەدا هەر لایەنێك بە ئارگومێنتی پشتیوانیكەر باوەڕەكانی خۆی بەهێز دەكات و بە ئارگومێنتی ڕەتكەرەوە باوەڕەكانی بەرامبەر دەشكێنێت. ئەم ڕكابەرییە وای لێ دەكات دیالۆگی ڕازیكردن زیاتر وەك مەیدانێك بێت كە تیایدا براوە و دۆڕاو هەیە.

٥-٢. ئاخاوتن و پەند، تێڕوانینێك بۆ دەوروبەری كۆمەڵایەتی و كولتووری

دەوروبەر چەمكێكی فراوانە و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كە كاریگەرییان لە سەر زمان هەیە، لە ئێستا و لە ڕابردووشدا. هۆكارێكە كە تەمومژ لە سەر هێما زمانییەكان لا دەبات و لە تاریكییەوە بۆ ڕوونی دەیانگوازێتەوە (سەعید و ئەحمەد ٢٠٢٠: ١١٩)، واتە یارمەتیدەرە لە تێگەیشتنی ڕوونتر و كاریگەرتری زمان. ئاخاوتن وەكوو كردەیەكی زمانی كە لە دەوروبەری كۆمەڵایەتیدا ڕوو دەدات، لەبەرئەوە گرنگە كاریگەریی ئەو دەوروبەر و دیاردە كۆمەڵایەتییانە بزانین (عەلی ٢٠١٩: ٤٩). هەر قسەكەرێك پێویستە كولتوورەكەی خۆی بناسێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئاخاوتنەكانی كاریگەر و واقعی دڵی بەرانبەرەكەی بێت، كولتوور وەك نەخشەیەكی پەیوەندیی ئاخاوتنەكان كار دەكات، چونكە هەر دەربڕاوێكی زمانی و نازمانی زادەی فەرهەنگ و دابونەریت و بیركردنەوە و ژیانی كۆمەڵایەتییە. بە بۆچوونی هالیدای دەوروبەری كولتووری پێویستی بە باروودۆخێكە تا دروست بێت و ڕەنگ بداتەوە لە ئاخاوتنەكاندا، ئینجا دەوروبەری باروودۆخ واتا دەبەخشێت، چونكە لە ناو قاڵبێكی گەورەتردایە، ئەویش دەوروبەری كولتوورییە، ئەمەش پەیوەندیی بەهێزی نێوان ئەم دوو جۆرەی دەوروبەر دەردەخات (احمدامین ٢٠٢٤: ٥١).

پەندەكانیش لە دەوروبەری ئاخاوتندا ڕۆڵێكی كاریگەریان هەیە بۆ ڕازیكردنی بەرانبەر، پتر لە هەر ئارگومێنتێكی عەقڵی، كاتێك قسەكەرێك ناتوانێت بیرۆكەیەكی مێشكی بە ڕێكی دەربڕێت (محمد امین ٢٠٢٣: ١٧). پەند وێنایەكی كاریگەر دەبێت بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستە، وەك لەم نموونەیەدا دەردەكەوێت.

نموونە: (١)

– شینە: وەرە كابرا ئەتو نەتانی زەلامەكی ببینییەوە!

– سەرپان: باشە هەوكە چ بەئاغەی دەرێی؟ ئەتو مامۆستات لۆ نەهیناوە؟

– شینە: وەڵڵا ئەگەر جەوهەراغە دەزانـی، بە دەسبەتاری هاتیەوە!

– سەرپان: سەت بەرچیغت لە سەر دەشكێنی.

– حەمە: ئێ كاكە هەنكە خۆ قابیلە نایكوژم...، ئەوەندەی كردم و كردم مەلا نەگەڕاوە و نەگڕاوە.

– سەرپان: کورە پیلم دەگرت و دەمهاویشتە سەر پشتی وراغی ئاییی!

– شینە: ئەوجا لۆ ئەوها، دەمدا پێشە خۆم، هەتا ناو گوندی بە پاران دەمهینا.

– حەمە: ئێ کورە بابم "هەموو شت بە خێ و خێش بە مەعنا"، ئەییی!

دیمەنەکە کۆتایی هات (سامان، ١٩٩٤).

واتــای پــەندەکــە: خــوێ بــۆ هــەمــوو خواردنێک پێویستە، بەڵام ئەگەر پتر لە پێویست بەکار هات ئـەوا ئـەوا ناهاوسەنگی دروسـت دەکـات و تامی خواردنەکە تێک دەدات.

واتای ئاماژە: واتە ئێوە لە دابونەریتی کوردەواری تێنەگەیشتوون، نابێت هـەڵسوکـەوتی ناشرین بەرانبەر مامۆستایەکی ئایینی بکرێت.

میانەی پەندەکە: هۆکاری دەرکەوتنی پەندەکە بریتییە لە پێشنیازی نابەجێ و نادروست.

ڕازیکردن: پەندەکە توانیی هەموو ئەو بژاردانەی ئــەوان بۆ "حــەمــە"یـان پێشنیاز کـرد پووچـەڵ بکاتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانەیە و چەندان گرنگیی تـری پەندەکانە لە ئاخاوتنەکاندا . "کوینتیلیان" (Quintillian) هەست بەوە دەکات لە ناو هەموو ئارگیومێنتەکاندا پەندێک دەتوانێت هێزێکی گەورەی هەبێت، ئەگەر بتەوێت بەرانبەرەکەت ڕازی بکەیت و بیروباوەڕی پووچەڵ بکەیتەوە، یان تەنانەت بەرگری لە هەڵوێستەکەت بکەیت :Gandara 2004 (347). هەر لەبەرئەوەشە کە وا پەندی پێشینان کراوە بە سەربازی نادیار، تا هەموو کەسێک بتوانێ لە لاوە، چ ڕەخنەیەک بگرێ؛ بیگرێ (خاڵ ٢٠٠٧: ٨-٩). واتای ئاماژەیی پەندەکە لە شێوەی مێتافۆری وێنەیی هەڵەکانی ئەوانی ڕاست کردەوە، چونکە ئەم پەندە "هەموو شتێک بە خێ، خێش بە مەعنا"؛ ئاداب و نەریتی کۆمەڵگای پیشان دان کە بە هیچ شێوەیەک ئەو ڕێگایانەی ئەوان پیشانیان دا ڕاست نییە و لەگەڵ فەهەنگ و کولتووری کۆمەڵگای کوردی ناگونجێت مامۆستایەکی ئایینی بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێ، هەر بۆیە پەندەکە کۆتایی بە بابەتە هێنا و "شینە و سەرپان" بێدەنگ بوون. دوای پەندەکە؛ دیمەنەکە کۆتایی هات.

نموونە: (٢)

– جەوهەراغە: ئەوە کا حەمە؟ ئەرێ کاکە حەمە یاریدەی ئەو زەلامانە نادەی، حەی ئەوە حەمە دەگرییێ...! وەڵا لە کاکلی نەدەی هەوکە دەتکوژم.

– حەمە: قوربان، خۆ ئەمن نەمگۆت یەکجارییش ئەوها، ... بەخۆت دەزانی کاکل خزممە.

– جەوەراغە: وەی وەی وەییی، کاکل خزممە، ئێش ئەوها بڕوا عارمان باش دەبێتن!

– جەوهەراغە: لێی دەن!

– حەمە: ئایی وەی بابە ڕۆ!

– جەوهەراغە: هههههه

– حەمە: قوربان، تۆبە!

– جەوهەراغە: بەسە لێی گەڕێن، حەمە وەرە بزانم... بزانم شتۆ غەزامان لۆ دەکەی فەرموو، یەڵڵا!

– کاکل: ئێئاییی

– جەوهەراغە: ئەوها، "کوتک دەزانی قۆناغ لە کێیە"!

– جەوهەراغە و شینە و سەرپان: هههەه هههەه (سامان ١٩٩٤).

واتای پەندەکە: زۆر جار بەرزەوڵاغ یان گوێدرێژ لە هەندێک ئیش ترساوە و نەچووەتە ژێر بار، بۆیە خاوەنەکەی بە زەبری لێدان بردوویەتە ژێر بارەکە یان کارەکەی پێ کردووە، ئینجا ئەم پەندە گوتراوە:

" کوتک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە''.

واتای ئاماژە: واتاکەی زۆر دوور نییە لە واتا وشەییەکەی، کەمتر شاراوەیی تێدایە، بەڵام قسەکەر لەم بارودۆخ و دەوروبەرانەدا بەدوای شێوازێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی کاردانەوەی گاڵتەجاڕانە دروست بکات (مەجید، ٢٠٢٤، ٢٥٥)، چونکە پەندەکان ئاماژەن بۆ دروستیی واتا و جێبەجێکردنی ئامانج، ئەمە لە ڕووی واتاوە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەوە بە کورتی و ڕەنگینی لە فۆرم و جوانی و قسەخۆشی لە ئاخاوتنەکان ناسراون (ابراهیم ١٩٧٤: ١٣٩).

میانەی پەندەکە: بنەمای هاتنی پەندەکە بریتییە لە نە سەلماندن و نەهاتنە ژێر بار و دواتر سەلماندن و تۆبەکردنی بەدوا داهات. پەند لە دیالۆگەکەدا پەیوەستە بە سێ ڕەهەندەوە: گونجاندن لەگەڵ کات و شوێن، پێگەی کەسیی قسەکەر و کۆدی نهێنیی کولتووری. ئەم قسەکەرە لە سەر ئەم سێ بنەمایە پەندێکی زیرەکانەی بە پێی بارودۆخ و کات و شوێن و کەسەکە پێشکەش کردووە، چونکە کەسێکی خاوەن پێگە، وەک ئاغا بیڵێت، جیاوازە لە کەسێکی ئاسایی.

ڕازیکردن: جەوهەر ئاغا بە شێوەیەکی پێکەنیناوی سەرکەوتنی خۆی لە ڕازیکردنی حەمە نیشان دەدات، پەندەکە چێژ و کەیفێکی خۆشی بۆ جەوهەراغە دروست دەکات، چونکە گرنگیی پەند لە ئاخاوتنەکان لەوەدایە قسەکەر کاتێک پەندەکە دەچرپێنێ کە ئەو ڕووداوەی پەندەکەی تیا گوتراوە ڕوو بداتەوە، بەمەش باڵادەستیی قسەکەر دەردەکەوێت، بە دڵنیاییەوە وا دەکات بەرانبەر ڕووناکتر بەڵگەکان ببینێت بۆ باوەڕهاتنی (خاڵ ٢٠٠٧: ٨). هەروەها دوای ئەوەی حەمە ڕازی بوو لە کاکل بدات، جەوهەر ئاغا بە پەندێکی کاریگەر وەک "کوتک دەزانێت قۆناغ لە کوێیە''؛ پشتیوانی لە لێدانەکە دەکات. ئەمە کاریگەریی دەروونیی درێژخایەنی دەبێت، چونکە حەمە دەترسێنێت کە دەڵێت: "کوتک دەزانێت قۆناغ لە کوێیە''، لەمەودوا حەمە پتر لە ژێر دەسەڵاتی جەوهەراغەدا دەمێنێتەوە. هەروەها جەوهەر ئاغا بەهۆی پەندەکەوە توانیی "شینە و سەرپان'' بخاتە پێکەنینێکی زۆرەوە، چونکە پەندی نوکتەئامێز دەتوانێت سۆز و گەرمی و کاریگەریی مەبەست زیاد بکات (دزەیی، ٢٠١٥: ١٣٩).

نموونە: (٣)

– جەوهەراغە: ئئێ کاکل بڕوات هەبێتن ئەمن ئەتووم هەندی جەعفەری برام خۆش دەوێ، ئەرێوەڵڵا.

– کاکل: بەرێ... بەرێ، ... بەران قوربان، دە وەڵاهی ئەوجارەیان هەر لە بەلاش بوو، ئاخر چم کردبوو؟

– جەوهەراغە: دەیدەی کاکل "کەونەکایان بەبا مەکە'' مە، سەلامەت بی.

– دایکی کاکل: ڕاست دەکا کوڕم، ملی شەیتانی بشکێنە.

– کاکل: باشە دایە، باشە (سامان، ١٩٩٤).

واتای پەندەکە: کاتێک قرشە کۆ دەکراوە و بە جەنجەڕ دەشکێنرا، چەند جارێک قرشە هەڵدەدرایەوە بەر جەنجەڕ تا دەبووە هوردە، ئینجا هوردە چەندین جار بەبا دەکرا، بەڵام بە ڕەشەبا بەبا نەدەکرا، چونکە دانەکەشی دەبرد و تێکەڵی کایەکەی دەکرد، بەڵکوو چەندین جار بە کزەبا و شنەبا بەبا دەکرا، تاکوو دڵنیا دەبوون کە هیچ دانی تیادا نەماوە. کایەکەش کە با دەیبرد، کەمێک لەو لاتر دەگیرسایەوە. پاشان ئەو کایە بەلاش بوو ئەگەر خۆتی پێوە ماندوو بکەیت، بۆ ئەوەی بتەوێ دانت لێ دەست بکەوێت، چونکە پێشتر ئەوەندە بەبا کراوە دانی تیا نەماوە، بۆیە هیچت لە کۆنەکا دەست ناکەوێت.

واتای ئاماژە: قسەی کۆن سوودی نییە و هیچت لێ دەست ناکەوێ، هەر چەند بیڵێیتەوە سوودی نییە، بۆیە با بچینە سەر باسێکی نوێ و لاپەڕەی نوێ بکەینەوە. بەکارهێنانی ڕەوانبێژی و زمانی ئاماژە و نیشانە، دەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری لە سەر بەرانبەر و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لە سەلماندندا بەدەستەوە دەدەن (ساڵح و سدیق ٢٠٢٤: ٦١).

میانەی پەندەکە: زەمینەی هاتنی پەندەکە بریتییە لە گلەیی و گازندە و بەهانەهێنانەوە لەلایەن بەرانبەرەوە. ئەم پێگەیە و لێهاتوویی قسەکەر لە ڕووی پراگماتیکی و شارەزایی کولتووری زمانەکە، وا لە پەند دەکات کە کاریگەرتر بێت و کردەی ڕازیبوون ئاسانتر بکات، هەروەک چۆن Sperber (and Wilson) "سپێربەر و ولسن" لە بنیادنانی تیۆریی "پەیوەندیدار"یدا پێیان وایە دەوروبەری ئاخاوتن بۆ هەموو ئاخێوەرێکی زمان وەک یەک نییە (Toews 2019: 72).

ڕازیکردن: ئەم پەندە بە مێتافۆری شاراوە کار دەکات، کە بە شێوازێکی زیرەکانە و کاریگەر ڕەفتاری کاکل ڕێک دەخات، کاریگەرییەکی خێرای پەندەکە (دایکی کاکل)یش ڕادەکێشێتە ناو گفتوگۆکەوە، کە بە "کورم ملی شەیتانی بشکێنە" ڕەفتاری کاکل ڕێک دەخات. بەم شێوەیە پەند وەک ئامرازێکی بەهێز لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕازیکردنی بەرانبەردا دەردەکەوێت، چونکە پەندەکان تەنیا وشە نین، بەڵکوو تەژییە لە قسەی دابێژراو و نوکتەی ئاکاری و کۆمەڵایەتی، بیسەران لە دوور ئەیقۆزنەوە و ئەیخەنە ناو گیرفانی بیر و مێشکیان و دواتر لە کاتی قسەکردنا ئەیکەن بە پشتیوانی بۆ خۆیان (محەمەدی ١٣٦٢هەتاوی، ٢٢). وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت کە پەندەکە چۆن وەڵامێکی کاریگەر و پڕ بە پێست دروست دەکات و کۆتایی بە باسەکە دەهێنێت. "دە وەڵاهی ئەو جارەیان هەر لە بەلاش بوو، ئاخر چم کردبوو؟" "کاکل" بە هێنانەوەی ئەم ئەرگومێنتە لۆجیکی و گونجاوە لەگەڵ کەتواری بارودۆخەکە؛ ویستی کاریگەریی سۆزداری لە سەر "جەوهەر ئاغا" دروست بکات، بەڵام جەوهەر ئاغا بە هێنانەوەی ئەرگومێنتێکی گەنجاوتر لە هیی کاکل لە ڕێگەی پەندێک بە ئاوازەیەکی کەوت، واتە بە دەنگێکی سۆزدارییانە پەندەکە دەردەبڕێت. جەوهەر ئاغا: "کەونەکایان بەبا مەکە مە، سەلامەت بی"، کاکل بە وەڵامی "بەرێ وایە" ڕازیبوونی خۆی نیشان دا. ئینجا کاکل دواتریش باسی ئەم کێشەیەی نەکردەوە، ئەگەرچی دیمەنەکە کۆتایی نەهات، بەڵام پەندەکە کۆتایی هێنا بە بابەتەکە و هاتنە سەر بابەتێکی تر.

نموونە: (٤)

– قادراغە: دەترسیم... متەسرێف گۆڕابی!

– جەوهەراغە: بەرێ بابە گۆڕایە، بەرانەکینێ هەر کەسەک قسەم لە قسەی بداتن، ئەژدادی دەسووتێنم!

– قادراغە: "هاتیەوە سەر یاسینی گۆلکێ"، کورم ئەوڕۆش ئەگەر لەبەر دەوت قیت نەبنەوە، سبەینێ لەبەر دەوت قیت دەبنەوە. کۆتایی دیمەن بێ وەڵامی جەوهەر ئاغا (سامان، ١٩٩٤).

واتای پەندەکە: دەڵێن: کەسێک چەند جاری مەلای لادێیەکەیانی بینیوە، گوتویەتی ئەگەر زوو بهاتبای یاسینت بخوێندبایە لە سەر گۆلکەکەم ئەوا نەدەمرد، زۆر ئەم قسەیەی گوتووەتەوە. واتە واتای پەندەکە ئەوەیە کە قسەکەی زۆر دووبارە کردووەتەوە، کە هیچ سوودێکیشی نەبووە، چونکە گوێرەکەکە مردووە.

واتای ئاماژە: واتە دووبارەکردنەوەی کارەکانی پێشوو کە سوودت لێ نەبینیوە بۆ دووبارەی دەکەیەوە. قسەکەر توانیی بە جوانترین شێوە ئاماژە بدات بە دووبارەکردنەوەی کارێکی هەڵە، چونکە بەکارهێنانی مێتافۆر و پەند ڕێگایەکی زیرەکانەن بۆ گەیاندنی پەیامێک بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ. لە زۆر کولتووردا ڕەخنەگرتن یان باسکردنی

بابەتی هەستیار ڕاستەوخۆ نابێت، چونکە دەکرێت شەرمەزارکەر یان ناخۆش بێت، لە بریی ئەوە خەڵک پەیامەکە بە ناڕاستەوخۆ یان بە نموونەیەکی نهێنی دەگەیەنن (Troike 2003: 29).

میانەی پەندەکە: بنەمای گوتنی پەندەکە بریتییە لە زۆر ڕۆیشتن لەسەر کارەکەکە و دووبارەکردنەوەی.

ڕازیکردن: جەوهەر ئاغا هیچ وەڵامێکی بۆ ئەم پەیامەی قادر ئاغا پێ نەبوو، چونکە پەندەکە پۆخڵەواتەکانی جەوهەر ئاغای نیشان دا. چاکییەکەی پەند ئەوەیە شتێکی بچووک دەڵێت، بەڵام ناوەڕۆکێکی گەورە دەگەیەنێت (سەجادی ١٩٥٢: ١٠٧). هەروەها کۆتایی دیمەنیش بوو، چونکە قادر ئاغا پەیامێکی بەهۆی پەندەوە ڕاگەیاند:''هاتیەوە سەر یاسینی گۆلکێ''، واتە جاری دیکەش ئاوا لە خەڵکی گوندیت داوە و توندڕەو بوویت بەرانبەر خەڵک، بەڵام قازانجمان نەبووە. قسەنەکردنی جەوهەر ئاغا نیشانەی ڕازیبوونیەتی، چونکە پەندەکە ڕەفتارە خراپەکانی بیر خستەوە، کە چەندین جاری تر ئەنجامی دابوون.

نموونە: (٥)

– جەوهەراغە: جەنابی مەئموور، فەرموو بخۆ!

– مەئموور: کاک جەوهەر ئەزیەت مەکێشە، خۆ شەرمێ ناکەم!

– جەوهەراغە: نۆشی گیانت بێ یاخووە.

– کانەبێ:با ئاوەزەیەکی کەوت و لە بن سمێریەوە بە نهێنی گوتیە ساڵحی: "خەنجەر لە کایە''.

– ساڵح: ئەشەدوو (سامان، تەلعەت).

واتای پەندەکە: کا وەک ئسفەنج سووک و بۆشە، ئەگەر خەنجەریش لە فەردەیەکی پڕ کا بدەیت نە هێز و بازوویەکی زۆری دەوێت، نە هیچ مەترسییەکیشت تووش دەبێت، بەڵام ئەگەر گیاندارێک بکوژیت، تووشی مەترسی دەبیت و بارەکەی دەکەوێتە ئەستۆتەوە.

واتای ئاماژە: واتە جەوهەر ئاغا هیچ مەسرووفێکی نەکردووە و هیچ بەم داوەتکردنەی مەئموورەوە ماندوو نەبووە، بەڵکوو هاتووەتە سەر حازری، بۆیە ئاوا تەکلیفی مەئموور دەکات، چونکە هیچی هی خۆی نییە.

میانەی پەندەکە: بنەمای هاتنی پەندەکە بریتییە لە پیاوەتیکردن بە ماڵی خەڵک. لە مەجلیسەکەدا ناشرین بوو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەگەر دوو کەس بە نهێنی قسە بکەن، بەڵام کورتیی پەندەکە بووە هاوکار، چونکە لە قسەکردندا تێگەیشتن لە بەکارهێنانی میتافۆڕی پەندەکان ئاسانترە لە تێگەیشتن لە بەکارهێنانی وشەیی (Kemper, 1981, 197)، ئەمەش بەهۆی هاوبەشیی کولتوورییەوە کەمترین کات و تێچووی وشەیی، زۆرترین واتای کاریگەر.

ڕازیکردن: پەندەکە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، ئاگادارکردنەوەی ساڵح لەوەی کە جەوهەر ئاغا هیچ ئەرک و تێچوویەکی نەکەوتووەتە سەر تەنیا قسەی گەورە نەبێت، چونکە خواردنەکە پەلەوەری کرمانجان بوو، بۆیە ساڵح هەر زوو شاهێدیی بۆ دا، گوتی: "ئەشەدوو''، واتە قسەکەت سەددا سەد ڕاستە و هاوڕاتم.

نموونە: (٦)

– سەیدە: کاک مەئموور، ئەتو ئەو جەوهەراغەی دەبینی خۆ؟

– مەئموور: ئا دەیبینم.

– سەیدە: ئەوێ ڕۆژێ، ئەوێ ڕۆژێ هەندی کەرەکی لەو کاکلە بەستەزمانەی دا.

– مەئموور : کاکل وەیە؟

– کاکل (بە شێوەی مەنەلۆج لەبەرەخۆی، بێ ئەوەی کەس گوێی لێ بێت): قوربان، پڕی زگم قسەیە، بەران سەری زمانم بقەیە.

– مەئموور: کاکل شتی وا ڕووی دایە؟

– کاکل: نەخێر، قوربان (سامان، تەلعەت).

واتای پەندەکە: واتە قسەم زۆر پێیە، بەڵام سەر زمانم دێشی، یان سووتاوە ناتوانم دەریببڕم.

واتای ئاماژە: واتای ئاماژە لەگەڵ واتای پەندەکە زۆر لێک دوور نین و زۆر بە شاراوەیی گۆ نەکراوە، قسەکەر بە خۆی دەڵێت قسەم زۆر پێیە، بەڵام ناوێرم دەریانببڕم، چونکە دەبێت باجەکەی بدەم.

میانەی پەندەکە: بنەمای هاتنی پەندەکە بریتییە لە نەتوانینی دەربڕینی ڕاستییەک لە ترسی کەسی بەرانبەر. پەندەکانیش یەکەیەکی زمانیی دەروونی و کۆمەڵایەتین، کە پەیوەندیی نزیکیان بە ئاخێوەری تایبەتی زمانەوە هەیە (Ndiribe 2020: 632).

ڕازیکردن: لەم دەقی دیالۆگەدا بەهۆی یارمەتیی پەندێک؛ قسەکەر دەرگایەکی ئارامی بۆ خۆی دەکاتەوە، کە باوەڕی بە خۆی هێنا کە وەک چارەسەرێکی ناچاری پیشانی دا، کاریگەریی پەندەکە لە سەر خودی خۆی هەڵبژاردەیەکی دروستە، کە قسەکەر ئامانجی ئەوە بوو قەناعەت بە خۆی بهێنێت، بۆیە لەم پەندەی کاریگەرتر نەدۆزییەوە.

نموونە: (٧)

– کاکل: ئەو دوو زالامە بمگرن دەمکوژن!

– شورتە: لۆ دەتکوژن، دزیت لێیان کردیە؟

– کاکل: نەخێر...

– ... کاکل: کاکی پۆلیس لە ڕاهی ئەو خودایە ڕێم بدە بچمە کن مەئمووری... دەمکوژن!

– پۆلیس: دەتکوژن!

– کاکل لەبەرەخۆی سەرێکی با دا: هەتا کاکی پۆلیس لە من دەگا، "ئەمن پیستەم دەچتە دەباخانەی". کاکل بێ گوێدانە پۆلیس ڕۆیشت بۆ لای مەئموور. کۆتایی دیمەن (سامان، ١٩٩٤).

واتای پەندەکە: کاتێک ئاژەڵ سەر دەبڕا یان دەمرد، پێستەکەیان دەبردە کارگەیەک کە پێستەی تێدا خۆش دەکرا، واتە پێستەکە ئامادە دەکرا بۆ ئەوەی شتی بەکەڵکی لێ دروست بکرێت.

واتای ئاماژە: دەبێت خۆم مشووری خۆم بخۆم، ئەگەرنا هەتاوەکوو کاکی پۆلیس شتێکم بۆ دەکات ئەوا من دەکوژرێم و کفنودفنیش دەکرێم، ئەو بەئاگا و وریا نابێتەوە. لەم دەوروبەرەدا بە کورتی مێتافۆرەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر پەلە نەکەم و گوێ لە پۆلیس بگرم ئەوا درەنگ دەکەوێت، چونکە پۆلیسەکە گوێی هەندێک قورسە و درەنگ تێدەگات، هەروەها هەندێک فەقیرحاڵیشە.

میانەی پەندەکە: بنەمای هاتنی پەندەکە بریتییە لە لێکتێنەگەیشتن و بێسەروبەریی کەسی بەرانبەر.

ڕازیکردن: قسەکەر دوای دواندنی خۆی، باوەڕی بە خۆی هێنا و بڕیاری دا گوێ لە پۆلیس نەگرێت و بڕوات بۆ لای مەئموور بێ ئەوەی پۆلیس ڕێی بدات. ئەم بڕیارە بەهۆی وێنەیەکی مێتافۆری بوو کە لە مێشکیدا دروست بوو: "هەتا کاکی پۆلیس لە من دەگا، ئەمن پیستەم دەچتە دەباخانەی". لە کاتی تەنگانەدا پەند وەک ڕستەیەکی کورت و واتایەکی زۆر؛ باشترە لە گفتوگۆی درێژ لەگەڵ خود، ڕۆڵ و کاریگەریی پەندەکان باوەڕێکی وا دروست دەکەن کە گوێگر بە خێرایی کردارەکانی جێبەجێ بکات. وەک لەم نموونەدا پەندەکە بووە کلیلێکی سایکۆلۆژی بۆ کردنەوەی قفڵی بڕیاردان و ڕێکخستنی ڕەفتاری خۆی، چونکە پەندەکان بە هۆی ناوەرۆکی پەندێتی و دەستەواژەییەوە یارمەتیی باشتر تێگەیشتن و هەڵگرتنی پێکهاتە ئاڵۆزەکانی زمان دەدەن (Babazade 2024: 78).

## ئەنجام

گەیشتین بـەم ئەنـجـامـەی کـە پـەنـدەکـان لە دراماکەدا بە هونەری و زیرەکی بەکار هێنراون، بە تەواوی لەگەڵ کۆنتێکستەکان گونجێنراون، ڕۆڵی پەندەکان وەک ئامرازێکی ڕازکـردن لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی دراماکـەدا دەردەکـەوێت کە بە شێوەیەکی هێمنی و بێ فـشـاری ڕاسـتـەوخـۆی دەروونـی جێگای هێز و وزەیـەکـی زۆری زمانی گرتووەتەوە، زۆر بە ڕێکی پەیامەکانیان گەیاندووە و کردەی ڕازیبوونیان دروست کردووە بە گەیاندنی هەستی ترس یان خۆشەویستی و هاوسۆزیبوون... تـاد، ئەمەش وا دەکـات کاریگەریی پەندەکان بۆ زۆرتـر لە مێشک بمێننەوە، چونکە گوێگر خۆی بڕیاری گۆڕانی داوە، نەک بەهۆی زۆرلێکردنەوە، وەک لە شیکردنەوەی نموونەی سێیەم و پێنجەمدا دیـارە. دوای بیستنی پەیامی قسـەکـەر، گوێگر ملکەچی داوایەکانی قسەکەر دەبێت و ڕازیبوونەکەی بـەم وەڵامـانـە (ڕاسـت دەکـەی، باشە، ئـەشـەدوو) نیشان دەدات، واتە پەندەکان بێگومان ئەو فۆڕمە کاریگەرانەی زمانن کە ڕازیـکـردن دێننە ئـاراوە. هەروەها ڕۆڵی پەند لە گۆڕینی ئاڕاستەی بیر و ڕەفتاری خودی قسەکەر خۆی کە وەک مەنەلۆج باوەڕ بە پەندەکان دەهێنێت و دوای گوتنی پەندەکە لەبەرەخۆیەوە؛ ڕاستەوخۆ بیر و ڕەفتاری گۆڕا، وەک لە نموونەی شەشەم و حەوتەم. ئینجا نموونەی یەکەم و دووەم و چوارەم دوای پەندەکە کۆتایی مەشهەدەکە بوو بێ هیچ وەڵامێک، واتە پەندەکان بە کۆمێنتی کۆتایی دانرابوون، چونکە لە بنی کودییان دا و هیچ شتێکیان نەهێشتەوە بۆ گوتن، ئەگەر وەڵام درابانایەوە، ئەوا دیالۆگەکە دوور دەبوو لە هونەری گفتوگۆی سروشتی. وەک دەزانرێت ئامانج لە هونەری دیالۆگ ئەوەیە کە وەک ئاخاوتنێکی سروشتی دەربکەوێت و بێ کەموکوڕی بێت.

## سەرچاوەکان


بە کوردی

– تاهیر، وڵات محەمەد و قـادر، ڕەمـەزان حەجی (٢٠١٩)، ڕەنگڤەدانا گوتنێن مەزنان د ڕۆمانا ٥٢ ڕۆژ لە دوزەخدا یا نڤیسەر ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی، گۆڤارا زانکۆیا دهۆکیا، پەڕبەندا: ٢٢، ژمارە: ٢، (٤٧٤-٤٩٧).

– جگەرسۆز، محەمەد ساڵح پێندرۆیی (٢٠١٠)، فەرهەنگەکانی کوردیا ژووری- کوردیا ناوەڕاست، چاپخانەی سپی ڕێز، دهۆک.

– حـەمـەد، موحسین مـحـەمـەد (٢٠٢٥)، درامـای کەوەکانی قـەرەچووغ، چاوپێکەوتن، گەڕەکی زیلان، هەولێر، دووشەم ٢٠٢٥ /٧/٢١.

– حەمەئەمین، تانیا ئیسماعیل (٢٠٢٤)، دەوروبەر لە ڕۆنان و واتای ڕستە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی.

– خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٧)، پەندی پێشینان، چاپی چوارەم، چاپخانەی شڤان.

– دزەیـی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، زانستی پراگماتیک، نۆرەی چاپ، دووەم.

– دزەیـی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥)، زمـان و کەسایەتی، چاپی یەکەم، هەولێر.

– دزەیـی، عەبدلواحید موشیر مەحموود (١٩٩٩)، پێکهاتی ئاخاوتن لە زاری هەولێردا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین.

– ساڵح، ئاراس محەمەد و سدیق، شاخەوان (٢٠٢٤)، توێژینەوەکانی کۆنگرەی زانستیی نێودەوڵەتیی شێخ محەمەدی خاڵ و هەوڵە زانستییەکانی، چاپی یەکەم.

– سەعید، محەمەد مەجید و ئەحمەد، قەیس کەمال (٢٠٢٠)، ڕۆڵی دەوروبـەری زمانی لە گەیاندنی کاتی سینتاکسی کرداردا "لە شێوەزاری خانەقیندا"، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە: ٢، لاپەڕە: (١١٨-١٣٦).

– سەجادی، عەلادین (١٩٥٢)، مێژوی ئەدەبی کوردی،

چاپخانەی مەعاریف.

– شێخانی، شکرولا عوسمان (٢٠٢٥)، درامای کەوەکانی قەرەچووغ، چاوپێکەوتن، گەرەکی سێتاقان، هەولێر، دووشەم ٢١/ ٧/ ٢٠٢٥.

– عەلی، تالیب حوسێن (٢٠١٩)، شیکردنەوەی گوتار، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

– عەلی، کاروان (٢٠٢٣)، دەروازەیەک بۆ شانۆی منداڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.

– عەلی، سدیق ئەورەحمان (٢٠٢٣)، بنەمای بیری و هونەری لە پەندە شیگرییەکانی پیرەمێرددا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

– عەبدولحەمید، سامی و فەرید، بەدری حەسون (٢٠٠٧)، هونەری رەوانبێژیی وتارسازی، وەرگێرانی: زاهیر محەمەد کۆیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

– قادر، شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٢١)، پەندی پێشینان، تێروانینێکی سینتاکسی، پراگماتیکی، توێژینەوەیەکی شیکارییە، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ژمارە: ٣، لاپەرە: (١–١٩).

– قەراجی، محەمەد قەراجی (٢٠٢٥)، واتای پەندەکان، چاوپێکەوتن، شوێن گەرەکی کوران-هەولێر، رۆژی دووشەم ٢٦/٥/٢٠٢٥.

– کەریم، تۆفیق (٢٠١٦)، کاریگەریی ئیسلام لە سەر فۆلکلۆری کورد، کتێبی دووەم، چاپخانەی تاران.

– مەجید، میدیا جەلال (٢٠٢٤)، پرۆگرامکردنی بیر بۆ وەلامی کاریگەر، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان/زانکۆی سەلاحەدین.

– محەمەدئەمین، ئەمیر (٢٠٢٣)، زمانەوانیی کارەکی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

– محەمەدی، محەمەد سالح ابراهیمی (١٣٦٢هەتاوی)، پەند یا ئەمسالی قورئان، چاپی اول، صندوق پستی، دانشگاه ازاد، تهران.

– محەمەد، هیمداد عەبدولقەهار (٢٠١١)، شەکسپیر: تراژیدیا و بەهلوول (کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی وەرگێردراو)، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات – هەولێر.

– محەمەد، کەژاڵ جهانبەخش و ئەحمەد، بێستوون حەسەن و محەمەد، دارا حەمید (٢٠٢٤)، درکپێکردنی مێتافۆری پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی راپەرین، لاپەرە: (٩٧–١١١٠).https://doi.org/10.24271/garmian.2024.1108

– نموونەی یەکەم، سامان، تەلعەت (١٩٩٤)، درامای کەوەکانی قەرەچووغ، هەولێر. https://youtu.be/4ZBu2QZtqTo?si=xjC7rzoSTp1TBIP9

– نموونەی دووەم، سامان، تەلعەت (١٩٩٤)، درامای کەوەکانی قەرەچووغ، هەولێر. https://youtu.be/bFG5SiphBJM?si=QTsVUes2p2iYKaEQ

– نموونەی سێیەم، سامان تەلعەت (١٩٩٤)، درامای کەوەکانی قەرەچووغ، هەولێر. https://youtu.be/HD3R5pqm1Pk?si=mp41yBZF4XWVwKZ4

– نموونەی چوارەم، سامان تەلعەت (١٩٩٤)، درامای کەوەکانی قەرەچووغ، هەولێر.https://youtu.be/j3uxTWRgcoY?si=QIOTqmMOzda4ora9

– نموونەی پێنجەم، سامان تەلعەت (١٩٩٤)، درامای کەوەکانی قەرەچووغ، هەولێر. https://youtu.be/I3DRvaTcqhU?si=zuJJqd6uMZXmvq3Z

– نموونەی شەشەم، سامان تەلعەت (١٩٩٤)، درامای کەوەکانی قەرەچووغ، هەولێر.https://youtu.be/j3uxTWRgcoY?si=bGerR1ma_9hkjejh

– نموونەی حەوتەم، سامان تەلعەت (١٩٩٤)، درامای کەوەکانی قەرەچووغ، هەولێر.https://youtu.be/j3uxTWRgcoY?si=bGerR1ma_9hkjejh

– بەستەری فەیسبووک، https://www.facebook.com/share/p/1Fx9Ze6Prv

به عەرەبی

– ابراهيم، نبيلة (١٩٧٤)، أشكال التعبير في الأدب الشعبي الطبع والنشر دار نهضة مصر، القاهرة.

به فارسی

– زو الفخاری، حسن (١٣٨٧هەتاوی)، تفاوت كنايه با ضرب المثل، مجله «پژوهش زبان و ادبيات فارسی» متعلق به پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات اجتماعی جهاد دانشگاهی است، تهران، ايران ، شماره دهم، بهار و تابستان ١٣٨٧: (١٠٩-١٣٣).

به ئینگلیزی

- Aristotle (2019), ARISTOTLE'S ART OF RHETORIC, Translated and with an Interpretive By: Bartlett, Robert C, Printed in the United States of America, inThe University of Chicago Press CHICAGO

- Amende, Charles (2013), Proverbs as Circumstantial Speech Acts, Research on Humanities and Social Sciences, International Knowledge Sharing Platform, Journals & Books Hosting - Conferences & Workshops Solutions, ISSN 2222-1719 (Paper) ISSN 2222-2863 (Online), Vol.3, No.7, 2013, page 10-16.

- Babazade, Yasin (2024), Proverbs in Pedagogy: Their Role in Language Teaching and Cultural Transmission, Journal Global Humanities, https:/ Spectrum of Research and .orcid.org/0000-0002-3727-3622, DOI

- Booth, Steve and Ed. D, Butterfield (2009), S GUIDE to Persuasion,'The Complete IDIOT Published by the Penguin Group, (USA)Inc.

- Gandara, Lelia (2004), 'They that sow the wind proverbs and sayings in argumentation, Journal Discourse & Society, Vol 15(2–3): page 345–359.

- Kemper, Susan (1981), Comprehension and the Interpretation of Proverbs, Accepted January 10, 1980Journal of Psycholinguistic Research, Vol. 10, No. 2, 1981 (179-198).

- Levenson, Stephen (1983), Pragmatics, Cambridge University, press.

- Mieder, Wolfgang (2004), Proverbs: a handbook, First published, Greenwood Press, 88 Post Road West, Westport, CT 06881 An imprint of Greenwood Publishing Group, Inc, Printed in the United States of America

- Ndiribe, Matthew Onyebuchi (2020), A Pragmatic Analysis of Proverbs in the Domains of Knowledge Construction in Igbo, Journal Theory and Practice in Language Studies, Vol. .10, No. 7. pp. 725-733, DOI

- SOKOLOV، Y. M (1950), RUSSIAN FOLKLORE، TRANSLATED BY CATHERINE BUTH SMITH، First Printing، PRINTED IN THE UNITED STATES OF AMERICA.

- TOEWS, NICHOLAS (2019), RELEVANCE THEORY AND PROVERBS: EXPLORING CONTEXT THROUGH EXPLICATURES AND IMPLICATURES, Thesis Submitted in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of MASTER OF ARTS IN LINGUISTICS in the FACULTY OF GRADUATE STUDIES, TRINITY WESTERN UNIVERSITY

- Troike, Muriel Saville (2003), The Ethnography of Communication AN First ,INTRODUCTION, Third Edition published 1982 Second edition published 1989, Third edition published 2003 by Blackwell Publishing Ltd

- WALTON, DOUGLAS N (1998), The New Dialectic: Conversational Contexts of Argument, niversity of Toronto Press Incorporated, Toronto Buffalo London Printed in Canada.

Abstract

This research explores the role of proverbs as an effective tool for persuasion and the development of the art of speech in the dramatic series (Chukar partridges of Qarrachuwx). By analysing proverbs within the scripted dialogues, it reveals that proverbs were used in an artistic and pragmatic manner, creating a close relationship between linguistics and social interaction. The proverbs functioned as a cultural method for organising dialogue and conveying social messages, while optimally preserving traditions and human values. Initially, the research is introduced in the preface, followed by an explanation of the study's necessity alongside a discussion of some prior research in this field. Subsequently, a definition of the proverb and its relationship to linguistics is provided, and dialogue is explained as a specific type of conversation. Hoevere The art of persuasion in conversation, which is closely related to the proverb, However, it requires partnership and context of social and cultural surroundings, which is explained in the study. Finally, by analyzing the dialogues and showing the role of proverbs in them, he showed that proverbs were effectively used to control the listener's thoughts and behavior.

Keywords: Proverbs, Art of Persuasion, Social Interactions, context, conversation.

ملخص

تتناول هذه الدراسة دور الأمثال القديمة كأداة مؤثرة في الأقناع وتطوير فن المحادثة في مسلسل (قبج قرجوغ) الدرامي. من خلال تحليل الأمثال في الحوارات السيناريوية، يبين البحث أن الأمثال استخدمت بطريقة فنية والبراغماتية، حيث أوجدت علاقة وقريبةقريبة بين اللغويات والتفاعل الاجتماعي. عملت الأمثال كطريقة ثقافية لتنظيم المناقشة وإيصال الرسائل الاجتماعية، مع الحفاظ على التقاليد والقيم الإنسانية بأفضل طريقة. أولا، يتم تعريف البحث في المقدمة، ثم يتم شرح الحاجة للبحث مع محادثة بعض الدراسات السابقة في هذا المجال. بعد ذلك، يتم تعريف المثل وعلاقته باللغويات، ويتم شرح الحوار كنوع خاص من المحادثة، وكذلك يتم محادثة فن الإقناع في المحادثة، الذي علاقة وقريبةقريبة بالمثل، ولكنه يتطلب مراعاة السياق الاجتماعي والثقافي، وهو ما تم توضيحه في البحث. في الختام، من خلال تحليل الحوارات وإظهار عرضها المثل فيها، تبين أن المثل قد استخدم بشكل فعال للسيطرة على فكر وسلوك المستمع.

الكلمات المفتاحية: الأمثال، فن الإقناع، التفاعلات الاجتماعية، البيئة، محادثة.